**به ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**به ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیــــار: ٢٥**
**مێژووی بڕیــــار: ٢٠٠٠/١١/١٣**

(( بـڕیـــــار ))

پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ڕۆژی (٢٠٠٠/١١/١٣)یدا ئەنجامی داوەو ، بە پێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٠
## یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٢)ی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری

**ماددەی یەکەم :**

ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٢)ی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری هەموار بکرێو بەم شێوەیەی خوارەوە بخوێنرێتەوە :

**ماددەی چوارەم :**

پێکهێنەکانی وەزارەتەکە ئەمانەن :

١. نووسنگەی وەزیر .
٢. نووسینگەی بریکاری وەزارەت .
٣. بەڕێوەبەریی گشتیی دیوان .
٤. بەڕێوەبەریی گشتیی زەویوزاری کشتوکاڵ .
٥. بەڕێوەبەریی گشتیی هێلکاریو بەدواداچوون
٦. بەڕێوەبەریی گشتیی باخ و جەنگەڵ و لەوەڕگاکان .
٧. بەڕێوەبەریی گشتیی ئەبحاس و ڕێنمایی کشتوکاڵ کردن و توتن .
٨. بەڕێوەبەریی گشتیی ئاودێریو سەرچاوەکانی ئاو .
٩. بەڕێوەبەریی گشتیی سامانی ئاژەڵ و بەیتەری .
١٠. بەڕێوەبەرییە گشتییەکانی کشتوکاڵ لە پارێزگاکانی هەرێمدا .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**مادەی دووەم :**

ماددەی شەشەم هەمواردەکرێو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

www.mojkurdistan.com

**ماددەی شەشەم :**

١. وەزیــر ، بۆ جێبەجێ کردنی ئەرك و فرمانی دیارکراو ، بۆی هەیە دەستەو لیژنـەی دایمیـو کاتەکی (رەفتەنی) پێك بهێنێ.

٢. وەزیر ، بە پێی پێویست ، بۆی هەیە کردنەوەو ، تێکەڵکردنی بەڕێوەبەری و بەش و هۆبـەکان ، ئەنجام بدات .

٣. ئــەرك و فرمــان و دەســەڵاتی پێکهاتــەکانی وەزارەت و بەڕێوەبەرییــە گــشتییەکان و ، بەڕێوەبەرییەکانی ناویان و دەستەکانیش ( الهیئات ) بەپێی پێــڕۆ دیاری دەکرێن .

**ماددەی سێیەم :**

شیرکەتی بیری ئیرتیوازی لێ دان و مەرکەزەکانی لێکۆڵینەوەی کشتوکاڵی و تەتبیقیەکان ، کـە لە بـڕگـە نۆی ماددەی چوارەمی یاسـای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (١٩٩٢)دا هـاتووە ئیلغـا دەکرێـو هـەر موڵك و ماڵێکیشی بووبێ ، موڵك و ماڵی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریی هەرێمن .

**ماددەی چــوارەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار .

**ماددەی پێنجــەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکـــردنەوەی لە وەقـــایعی کـوردستـاندا ، دەخــرێتە کار .

**د . ڕۆژ نـــوری شـاوەیـس**

**ســەرۆکی ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردسـتانی عێـراق**